# کاروان

49

تشرینی یەکەم 1986 ساڵی پێنجەم

گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە     ئەمیندارێتیی گشتیی رۆشنبیریی و لاوان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکا



لەیادی نەمراندا

مسعود محمد

# میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێ ناو

بە دڵێکی ئائارامەوە دەڵێم ، لەوانەیە گوتەی «بەخت و تاڵع بۆی هەیە» بێنێکی ڕاست بوونی پێوەبێ . لەوە بگەرێ کە زور کەسی کەم زان بێ‌ماندووبوون و دەردی سەر ، چ لە ڕێی میراتەوە بێ و چ لە ڕێی ڕێکەوتی یانەسیب و پارە دۆزینەوەبێ ، نێرو نەسەڵ و حەسابەوە ، بەسەر دەبات و ژیانێکی مزرۆک رادەبوێرێ : لە دەرەوەی مەیدانی پوول و پارەش کەسانی وەها هەن ناو لە خەسڵەتی چاکەی وەکوو سەخاوەت و ئازایی و دڵسۆزی دەردەکەن چەند جاران لێیان زیادە . بەرەو ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرەوە بێت دەبینیت شاباشی (ئافەرین ، ئافەرین زارخۆش . .) بۆ بەر پێی مرۆی ئەوتووە هەڵ‌دەدرێ مەگەر هەر خۆی بزانێ بەرگێکی چەند پان و درێژ لەبەر لەشی کورت و باریکی دەکەن . ڕاستییەکەی ، قسە قسە دەهێنێ ، مەسەلەی ڕۆشنبیری و پلەو پایەی لێ‌هاتوویی بۆتە خزم خزمێنە وەکوو کابرای عەرەبی سەر بە (مسیلمة الکذاب) کە گوتی : خۆ دەزانم پێغەمبەرەکەمان درۆزنە بەڵام هی خۆمانە ! !

ئەم لایەنانە لە ژیانماندا وەك لە ژیانی گەلانی دیکەی پاشکەوتووی جیهاندا ، تابڵێی بە تاڵی لە گەرووداا دەچێتە خوارێ بەڵام لە چاو تامە زەهراویەکەی بەخت و تاڵع و خزم خزمێنەو لایەنگیری لە مەیدانی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری‌دا تاڵأبی ئەو لایەنانە بەرەو شیرینی دەچێتەوە چونکە خۆ نەناس‌کردنی گشتی لە پاکترین هەستی دەروون کە کوردایەتییە تا ئەوەی خاوەن ماف ئیفلاس بکات و بێ مافیش نازوفیز لێ‌بدات ئێسکە ماسییەو بەگەرووداا ناچێت هەزاران خۆبەخت کردووی ڕێی ئازادی ناویان لە ڕووپەڕەی بوونەوەردا دەسڕێتەوە . هەزاران لەو هەزارانە هەر لە سەرەتاوە بێ ناو بوون و بەبێ ناویش چوونە ژێر خاك ، نەکەس ناسینی و نەکەس فرمێسکێکی بۆ هەڵڕشتن و نەکەس فاتیحەیەکی نابەدڵیشی بەدوادا هەناردن کەچی دایکی جەمال و مریەم خان لەوانەن سبەی ڕۆژ پەیکەریان بۆ داتاشرێ یان فێرگەو هۆڵی مۆسیقایان بەناوەوە بکرێ . قوربەسەریان ئەگەر نیشتمان‌پەروەر دەبوون دەرووتانەوە چونکە بەر لە هەموو شتێك دەبوو واز لەو کەسبە بهێنن کەوا هەرچەند لەگەڵ نیشتمان پەروەری‌دا ڕێك ناکەوێ هەر خۆیەتی ناویان بۆ نزیك ئەستیرەکان بەرز دەکاتەوە . لێیان پیرۆزبێ .

تالع و بەخت بۆی هەبێ و نەبێ ، ئەگەر ئێمە باری سازگار نەرەخسێنین زۆر بەختی ڕێ‌وجێ ناگەشێنەوە : دەبینیت نووسەرێك دێت و موژدەی دۆزینەوەی شاعیریەتێکی بێ‌ناومان دەداتێ . . ماڵت ئاوا کاکی نووسەر ، دیوەخانەی ئەدەبی کوردیت بە تازە مێوانێکی سەر سفرەی ئەدەب گەرمترکرد . .

کەچی شرم برمێك لە شیعرەکان دەخوێنێتەوە ئاگا بە خلّتو خاشی شیعری شاعیرێکی پلەی سێیەمو بەرەژێرتریش . .

حەماسەتی دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨ کە (وثبە)ی پێ‌گوترا زمانەی دەکێشا . . شاعیر کووچەو مەیدانەکانیان پڕ کردبوو . . نرکەی سینگ‌و گەرووی هوتاف کێشانبوو . . شەرە چەپەڵۆك بوو . بڕێ برکێی چوونە پێشەوەبوو . هەرایەك بوو خوابە خۆی بزانێ چ پشکی کوردیش لەو بەرژەوەندەدا نەبوو کە هەرای بۆ دەکرا ، بەرژەوەندەکەش نەهاتەدی . . تازە برین‌و گەرماو گەرم پارچە هەڵبەستێکی ئەو ڕۆژەیان بۆ خوێندمەوە هەتا بڵێی قەڵب‌و بێ‌نرخ . . گوتم منیش دەزانم شیعری وەها چرووك‌و بێ‌ئارایشیت هەڵبەستم ، فەرموون گوێ بگرن :

دەرۆم نازانم دنیا زۆر سەیرە
کوترە باریکەو پەنیری مەیرە

دڵشاد ڕەسووڵی لێم بەدەنگ هات‌و گوتی : فلاّن غەدر لە شیعرەکەی خۆت چونکە هەر نەبێ بە (تصوف) واتای بۆ پەیدا دەکرێ : کۆترە باریکەی باڵندەی هێلکە کەر گوشتیشی ناخورێ . ئاژەڵی بێچوو لەبەر شیرەکەشی دەبێتە خۆراك بە ماست‌و پەنیرو ژاژی‌و کەشك . . ئاەمەتە گەورەیی‌و شکۆی پەروەردگار حەقتە سەرت لێی سوڕ بمێنێ‌و دنیات بەلاوە سەیربێ . دڵشاد ، خوا لێی خۆش‌بێ لێم نەگەڕا دەنا منیش دەبوومە شاعیر . . دووکەڵی شەختەی سەر خڕی گەرم . . زەق زەق دەپێکی گاسنی نەرم . نخم سەد نخم ئاقار بە ئاقار . ئەژماری داری بەختی سەر تەختی نەنکی ئیستیعمار . . بمرێ مارو هار . ئینجا ئەگەر خوێنەر لێم بپرسێ ئەم قسە تێك هەڵشێلانە چ پێوەندی بە میرزای حاجی کەریمەوە هەیە ، پێی دەڵێمەوە میرزاش لە فەرامۆش‌بوونی‌دا بەر هەڵشێلانێکی ‌" ئەوتۆیی کەوتوە : لە دا بەش‌کردنی ناوو شۆرەتی مێرخاسی‌دا بە تێك هەڵدایی‌و بێ‌سەرو بەری‌و نالەباری سەر خەرمان‌و بن خەرمان چوە هەگبەی کەسانێکەوە کە زۆریان ئەوەندە پاداشەیان بەسە لێیان بێ‌دەنگ‌بێت .

میرزای حاجی کەریم یەکێکە لەوانەی پشکی لە بەرەکەتی خزم خزمێنە نەبوو . زۆر عەجایبم هات کە بیستم خزمانی پێیان خۆش‌بوو بەڵێنم داوە لە سەری بنووسم ، دەرکەوت هەقیشم‌بوو چونکە کەسیان وەڵامی هیچ یەکێك لەو پرسیارانەیان نەداوە کە بەعادەت ڕوو لە نووسەر دەکەن : لە چ بنەماڵەییکە ؟ هی لای باوکی‌و لای دایکی ؟ کەی هاتە دنیا ؟ منداڵییەکەی ؟ خوێندنی ؟ ژیانی وەزیفەی ؟ کەی‌بوو بە ئەندامی پارتی ؟ لەورۆژەوە کە داوام لێ‌کردن ئەو هەواڵانەم پێ ڕابگەیەنن تا ئەمڕۆکە (١٩٨٦/٥/٢٧) دوو سێ مانگ تێپەڕیوە ، لەو ڕۆژەی بەڵێنەکەشم تێدا بڵاو کردەوە تا ئەو ڕۆژەی تەکلیفم لێ‌کردن نزیکی دوو مانگێك تێ‌پەڕی‌بوو ، ڕەنگە هێندەی دیکەش تێ‌بپەڕێت‌و هیچ شتێکم لە بارەی میرزاوە پێ نەگەیەنن . ناچارم پشت بە ئاگاداری خۆم دەبەستم‌و چی دەزانم ئەوە دەنووسم : ئەوی دەشی‌زانم لە جیرانەتی‌و هاوڕێیی‌و هاومەشرەبی‌و بەردەوام بوونی برادەرایەتی‌و ئەو جۆرە پێوەندییانەوە دێت . مەگەر بە سەهوو دەنا ڕێی بەهەڵەدا چوونم زۆر فرەوان نییە ، سەهووش بکەم لە بابەتی بنەمایی‌و بایەخداردا نای‌کەم .

وەك بزانم بنەماڵەی ئەو مرۆیە چەند پشتێك لەمەوبەر لە لادێوە هاتوونەتە کۆیێ . بە پێی دەماری دۆستایەتی‌و هاتوچۆ ڕەنگە لە دێی (الاالله ئیللەڵلا)وە ڕایان گوێستبێ . نازناوێکی (چێڵێ)یان لە گەڵدا هاتوە ، پێ دەچێ لە پاش ماوەی لادێیی بۆیان مابێتەوە کە ماوەیەك لەشار چێڵیان بەخێوکردبێ . ئەم نازناوە دەمێکە لە بیران چۆتەوە چونکە جینی تازەو چینە مزاشەکەی پێشتریش لە بارێکدا نەمان بە گەرموگوڕی ئاوڕ لە ڕەچەڵەك‌و بنەچەك وکەی‌و کۆیی خۆیان بە زۆری خەریك بوون بەرە نگەکانی پەلکە زێڕینەی سیاسەت‌و تەنگ‌و چەڵەمەی ژیان‌و هەڵس‌و کەوتی ڕۆژگار . ئێستا کە گەنجێکی کوردپشتاوپشتی لینین‌و ماو باشتر دەزانێ لە هی خۆی .

حاجی کەریم ، باوکی میرزا ، جیرانێکی نزیکمان‌بوو : لە گۆشەیەکی سەر بانێکمانەوە بۆ بانی ماڵی ئەو دەمەتریك دوورایی هەبوو ، لە دەرگەشمانەوە بۆ دەرگەی ماڵەکەی لە ٤٠ مەتری تێ نەدەپەڕاند. حاجی کەریمو سۆفی نەشئەتی برایو طاهری حەمەلاڵی برای لە دایکرا، بەدرێژایی ژیانی. باوکم لە هەموو دانیشتنێکی ماڵەوەی یان لە مزگەوتی حاجی مەلائەسعەد بەشدارییان دەکرد هەتا مەجلیسەکە بلاوەی لێ دەکرد . حاجی کەریم ئاسنگربوو . لە لایەن ئاکارەوە پیاوی وەها شەرم بە خۆو دیندارو ڕاست بە دەگمەن پەیدا دەبێ . لە هیچ کەس نەبیستراوە ئەم خواناسە پێی بە خواری دانابێ . دەنگێکی بە سۆزی هەبوو . لە قامەتی پێش نوێژو لە تەنزیلەی موناسەبەی دینیدا ئەو سۆزەی سەرنجی خەڵقی ڕادەکێشا . چەند ساڵێك دوای باوکم ژیا بەڵام ساڵی مردنیم لەبیرنییە . بنەماڵەی حاجی کەریم هیچ پێوەندی بە ئاغاو پیاوی دنیاییەوە نەبوو .

دایکی میرزا کچی حاجی حەمە ڕۆمی بوو . من منداڵ بووم ئەم مام حاجییە کۆچی دوایی‌کرد . ماڵەکەی لە مزگەوتی کۆنە جومعەو ماڵی جەمیلاغاوە نزیك‌بوو ، لە ماڵی ئێمەش دوور نەبوو بەڵام نوێژی لەو مزگەوتە دەکرد ، وەك بزانم دیواریان بەین‌بوو . کورەگەورەکەی فەقێ تەها ، خاڵی میرزا ، جلدروویەکی بەرچاوی کۆیێ‌بوو ، وەکیل خەرجی باوکیشم‌بوو لەو کەمتا کورتە داهاتەی ناوشار کە بە میرات مابۆوە بۆی . فەقێ تەها بێ‌پرسو دەرگە لێدان دەهاتە ژوورەوەی ماڵمان ، هەموو جارێکیش باوکم بۆ سەفەری هەولێر لەگەڵ خۆیدا دەیبرد . هەموو هاوینێکیش دەهاتە چناروك چەند حەفتە لای باوکم دەمایەوە . فەقێ تەهاش دەنگ خۆشو شارەزای گوتنی کوردی بوو . جارێکیان لەبن سوولی پاشای چناروك تەخمیسێکی ئەدیبی بەسەر غەزەلێکی طاهر بەگەوە خوێندەوە سەرەتاکەی دەڵێ :

«سەرفی عومرم‌کرد چو ڕەممالان بە زەوجو فەردەوە»

_ بەڵام وشەی (ڕەممالان – رمالان)ی بە هەڵە وەرگرتبوو بووبوە (زەممارا یاخود زەممالان) . من شلك بووم تێی نەگەیشتمو بۆم ڕاست نەکرایەوە ، خۆیشی هەر وەها بۆی نەچوو . ڕام کردە لای باوکم ، ئەو بۆی ڕاست کردینەوە بە (ڕەممالان)و واتاکەی تێ‌گەیاندین : تەمەنی خۆم وەك ڕەمڵ گرەوە بە تاكو جووت سەرف کرد . وەستا تەها تا دوو ساڵێکیش دوای شۆرشی ٩٥٨ ژیا .

سۆزی دەنگی حاجی کەریمو سازگاری دەنگی وەستا تەها بە جووتە لە دەنگی میرزادا دیاریان دابۆوە . بەڵام جارێ زووە بۆ باسی ئەم لایەنە .

میرزا بە دوو سێ ساڵ لەمن گەورەتربوو هەرچەند ناتوانم ساڵی لە دایك‌بوونی بپێکم . لە لایەن بەشداری کردنی گەمەی منداڵانی گەڕەك ، میرزا بە هۆی دوکانی باوکییەوە بە زۆری پاش بەسەر چوونی خوێندنی ڕۆژانەی سەراسۆیی کەسبی باوکی دەکرد بێ ئەوەی شاگردی بێت ، بۆیەکا کەم دەیتوانی عەسران لە گەڵماندا خەریکی گەپی هەمە چەشنەی منداڵان بێت ، لەشیشی بەبەریەوە نەبوو تەقڵو شەقڵی یاریە قورسەکان هەڵگرێت . زۆر جاران دوای ڕۆژاوا یان لە ماڵی ئەوان یان ماڵی ئێمە تۆڵەی عەسرانمان دەکردەوە بە یاری ناو خانە نەك هی گۆڕەپانان . . هەر وەك عەسران نەدەهاتە یاری منداڵان شەوانیش نەدەهاتە یاری ئەوانەی وەکوو خواجە ڕۆیی (خوازەڵێ)و زرینگ زرینگ تاوەو بەردە گەرموکێ کە لە کووچەی بەردەرکی ماڵەکەیان بەرپامان دەکرد ، لە سەیرانی بەهارانیش بەشدار نەدەبوو ، نەشم دیت لەگەڵ کەس بەشەڕبێت : تەبیاتی بەرەو هێمنیو ئارامییەوە بوو لەگەڵ لاوازیەکەی ڕێك دەهات .

دەڵێن مانگەشەو سەر لە ئێوارانەوە دیارە : ئەم گوتەیە ئەگەر لە ئاست مانگی حەڤدەو هەژدە شەوی ڕاستیش نەبێ ، منداڵیەکەی میرزا لە هێمای بەرەو دوارۆژی ڕاستگۆبوو . لە لایەن دەنگ خۆشییەوە کە گەیشتە تەمەنی ١٥–١٦ ساڵی بە بەر دەنگیەوە هەبوو بێ‌کاتە گۆرانی بێژێکی پەنجە نیشان . دەنگێکی پڕی مەخمەڵی بێ درێژی سەرەژوور چووی بە لەرەو لەرزەی سازگاری هەبوو لە تایبی دەنگی طاهر توفیق ، فرید الاطرش ، عبدالوهاب بەڵام هی میرزا ئەگەر لە لایەن پسپۆرانەوە مشتومالْ درابایەو ڕاهێنرابایە بەرەو ئۆپەرالییەوە

دەچوو : هەتا بەرزی دەکردەوە لە پانایی‌و ئەستوورایی کورتی نەدەهێناو باریك نەدەبۆوە . لە تەمەنی ١٧-١٨ ساڵی‌بوو ، سبەینەیەك پێش بەرچایی بەیەکەوە لە بن دارو بارەکانی کانی خاتوونی چنارۆك بووین : دنیایەکی گەش‌و فێنکایەتیەکی بەهەشتی‌و کزە بایەکی عاشقانەو دڵ‌و دەروونێکی ئاسوودە لەو دەمەدا دەنگی بە میرزا هەڵبڕی‌و گۆرانیە مەشوورەکەی ئاوسای (یا لوعتی)ی عەبدولوەهابی بە ئاگرۆچکە لە دەروونیەوە دەرهێناو بەسەر ئەو باغ‌و مەزرایەدا شەپۆلی پیێدا . کە گەیشت (ومن قلبی طاوعته ورحت بایس ایدیه) سۆزێکی ئەوەندە خەست لە دەنگی گەڕا ئاوی لە چاوی من‌و خوێشی هێنا . پشوێکی کورتی‌دا ئەمجا گۆرانیەکەی بۆ تەواوکرا . دوای چەند ساڵێك لێی پرسیم : توخوا ئەو شبەینەیەی کانی خاتوونی چنارۆك یالەوعەتیەکەم لە عەبدولوەهاب باشتر نەگوت ؟ دەسا ئەشەددوبیلا باشتری گوت . لە دانیشتنی برادەرانەدا| ئەگەر دەنگی هەڵێنابایە گۆرانی کوردی| دەگوت . لە چ دەنگ خۆشێکم نەبیست (وەك قومری سەربالم شبنە)ی بە کوڵ دەربڕی‌بێ وەك کە لە دەنگی میرزادا ئاورینگی گەرمایی‌و سۆزی دەرایەوە . بەڵام بەو هەموو دەنگە خۆشەیەوە حەزی نەدەکرد ناو بە گۆرانی بێژییەوە دەربکات ، هێندەش خۆی لێ دەپاراست کەکەس بەڕاشکاوی داوای گۆرانی گوتنی لێ نەکات . وەك کە بە سەرنجی دواکاتەوە لێی ورد دەبمەوە ، ئەم تەبیاتەشی دەچۆوە بۆ مەیلە بنەڕەتیەکەی دژی خۆ نیشان‌دان‌و دەرکەوتن‌و ناوو شۆرەت : حەزی لە ڕابواردنی بێ هەرای خاڵی لە ئەرکی ناوو شۆرەت‌بوو . دواتر بۆ ئەم خاڵە دێمەوە .

لە هێماکانی منداڵی‌یەوەی ئەوە بوو کە لاشەڕ بوو . نە بە منداڵی‌و نە لە گەورەیی‌دا ، نەمدیت بە دەمەقاڵێ‌بێت یان لە موناقەشەدا سوور هەڵگەڕێ . ئەم لاشەڕی‌یەی‌و مەیلی سەلامەتی وێڕای خەسڵەتێکی دیکەی کە هەر ئێستا دەی‌گەمێ ، لە سەرەتاوە ڕاڕەوی ژیان‌و گوزەران‌و بە سەربردنی دوارۆژی بۆ ڕەنگ‌ڕێژ کرد : لە هیچ پلەیەکی تەمەن‌و قۆناغێکی دواتری‌دا نەکەوتە سەر زۆرە ملێ لە گەڵ ئەم‌و ئەودا بۆ تەمای بەرەوپێش چوون‌و فرە کردنی ڕزق‌و ڕۆژی‌و دەسەلات گرتنە دەست . هەر چونکە ڕازی‌بوو بەو قسمەتەی بۆی هەڵکەوتوە بێ ئەوەی کەسی تێدا مەغدوور کرابێ بۆیەش

بوو بە توندی ، بەڵکو بە پەرۆشەوە ، لەسەر مافی ڕەوای خۆی دەکردەوە . ئەگەر لەوەدا سەریش نەکەوتایە پەشیمان نەدەبۆوەو خەفەتی نوێی لە سەرنەکەوتن نەدەخوارد ، قەتیش لە سەرنەکەوتندا ئەو پەندەی بە کارنەهێنا کە دەڵێ : دەستێکی نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم . دەستەکەشی پێ نەدەبڕدراو ماچیشی نەدەکرد . لە نموونەی ماف پارێزی ئەو مرۆیە ڕووداوێکی کورتیلەی لێ دەگێڕمەوە : لە سییەکاندا کەمن بەمێوانەتی لە ماڵی مەلا ئەفەندی قوتابی فێرگەی ناوەندی هەولێربووم میرزا کاتبی دادگەی کۆیەبوو . ڕۆژێك ، سەر لە سبەینە ، کۆیی‌یەکی دیکە‌کە لە دووره ولاتان کاتبی دادگەبوو فەرمانی ڕاگوێزرانی خۆی بۆ کۆیی‌و هی میرزا بۆ شوێنەکەی ئەو دەخاتە سەر مێزو بە فیزێکەوە پێی دەڵێ : هەڵستە لەسەر کورسییەکەت ، بۆتە هی‌من . میرزا هەر ئەو ڕۆژە هاتە هەولێر . . بردمە خزمەت مەلا ئەفەندی ، نامەیەکی سفارشی لێ وەرگرت بۆ کار بەدەستێکی گەورەی بەغدایی (وابزانم وەزیری عەدل) . لە سێ ڕۆژاندا بە خۆی‌و ئیلغای فەرمانی پێشووی گەڕایەوە کۆیەو هەر لە دەوامی ڕۆژی سێیەمدا (یان چوارەمدا) فەرمانی نوێی خستەوە سەر هەمان مێزی کە (ماڵی باوکی کەس نییە)و بە ئارداوێژی ئاخافتنەکەی ئەر لە چوار ڕۆژان پێی گوتەوە : هەڵستە لەسەر کورسییەکەت . . هەر لە بیرمە کە مەلا ئەفەندی گوێی لە ناوەکەی میرزابوو بە زەردەیەکەوە فەرمووی : کوڕم چما ئەتوو عەجەمی ؟ میرزا گوتی : جەنابی ئەفەندی خەریکم بکەومە شك دەنا ئەگەر عەجەم نەبم لۆ نەقلم دەکەن .

خەسڵەتەکەی دیکەی کە تەواوکەری لاشەڕیەکەی‌بوو بریتی‌بوو لەوەی کە لە زوێکەوە خۆی ناسی (چەند دەخواو چەند دەبەزی) : پلەی زەکای خوێندنی فێرگەی ناونجی‌بوو ، هێزی ماسوولکەکانی لە مامۆ ناوەنجیش بەرەوژێر بوو . لە دەسەلاتی دنیایی ئەوەندەی هەبوو کە خانەوادەیەکی شارستان

به ناموس پارێزیو ڕێزی خۆڕاگرتنو سنوور نەبەزاندن پەرژینی سەلامەتی بە دەوری خۆیەوە دەتەنیٚ. بە کورتی ، موعادەلەی کۆمەلاٚیەتیو باری کەسایەتی سروشتکرد لە میرزادا سازابوونو لەنگەرێکی بەستبوویان لەقنەبوو . ئەمەیش کەمن دەیزانمو لەگەلٚ خۆمدا ورد بوونەوەم تێدا کردوە یەکجار یاریدەی میرزایان دا کە هەنگاوەکانی لە هەلٚسو کەوتی ژیاندا مەحکەم بنو بەملاو بەولایدا نەبەن . بە درێژایی وەزیفە بینیی شتێکی نەکرد ناچار بیٚ بە شاردنەوەی . هەرگیز بەرتیلی وەرنەگرتو پارەی لەکەس قبولٚ نەکرد لە جارێك بەولاوە کە ئەویش ناوی بەرتیل هەلٚناگریٚ : کە کاتببوو لە دادگەی کۆییٚ توجارێك

دەعوای هەبوون لێیان بە پەلە بوو . میرزا بە خۆمی گوت کە دوای دەوام ، عەسران ، دەچۆوە بۆ دایەرە بە نیازی ڕاپەڕاندنی شکلیاتی دەعواکانو بەس . گونی خۆ خزمەتکاری بابی مام حاجی نیم ، لە دەوامدا درێغ ناکەم لە فەرمانم ، دوای دەوام ئەرکی بیٚ مزە هەلٚناگرم ئەو ئیشەم بە پارەی ئۆڤەرتایم بۆ مام حاجی کرد . دەستیشی خۆش بیٚ .

گوتم دواتر دەگەڕێمەوە بۆ خەسلەتی حەزنەکردنی لە ناوو شۆرەت :

چی تازە نووسیم لە هێماکانی سەرەتای ژیانی تێیان دەگەیەنیٚ کە مرۆی ئەوتۆیی لە کۆڕی سیاسەتو خەباتیشدا تیژڕۆ نەبیٚ : میرزا نموونەی واقیع بینیو بایەخ ناسی ناو بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریو کوردایەتیبوو . هەروەك شارەزای خۆیبوو (چەندی دەخواو . . .) هێندەش بەڕوونی دەیدیتو دەیزانی ، خۆ ماندوو کردن بە شتی نامومکین لە هەر مەیدانێك بیٚ کارێکی نەزۆکە . دەیزانی ، چاکیشی دەزانی خەیالٚ بازیو مندالٚ بازاریو قوتەقوتی سینگ دەرپەڕێنانو نەرە نەری زێر دروشمی وڕێنەکرد هەمووی هەر تەلەزگە بەستنە بۆ ناو هیچە . کە ئەمە باوەڕیبوو لێشی ڕوون بوو نیشتمانپەروەرو کوردپەروەرو تێکڕای سیاسییان ڕێی واقیعیەتیان لە خۆیان کوێر کردۆتەوە تا ئەوەی یەکێکی بە مومکین ڕازی بیٚ ڕووت دەبێتەوە . لەمەوە میرزا یەکجارەکی دەماری چوونە ڕیزی

پێشەوەی سیاسەتی لە دلٚی خۆی دەرکێشابوو . بە زۆرەملێش نەی دەسەلماند بکریٚ بە چاوساغی بچووکترین تاقی خەباتکەران . ئەم باوەڕەو تەییاتی لە سەرەخۆیی هەمیشە لە ڕیزی هەرە پشتەوەی حیزبایەتیدا میرزای شاردەوە .

میرزا دوو سالێك بەر لەمن قوتابخانەی سەرەتایی کۆیەی تێپەڕاند . تامن دەرچوومو دوو سالانیش دوای دەرچوونم ئینجا چووم بۆ ناوەندی هەولێر ئەو خوێندنی ناتەواوی هەولێری جیٚ هێشتبوو بۆ قوتابخانەیەکی کەم مەسرەفی کەم ماوە لە بەغدا . بەردەوام نەبوونیشی لە هەولێر هەر دەچێتەوە بۆ بنەمای خۆ ناسینو توانای بین درێژیو کورتی لە پلە دوا پلەی ناوەندیو سانەویو . . شەڕی بە خۆی نەفرۆشتو خێرا سەلماندنی ئەم سەفەرە درێژەی خوێندنی سەرلەبەرو سەرتاسەر قاچو قولێکی درشتتری دەویٚ لەهی ئەو کە بە مندالێش سیٚ بازی پیٚ نەکردبوو . لەگەلٚ چەند هاوڕێیەکی خوێندنی کۆیەیبوو بە قوتابی (دار العلوم)ی ئەعزەمیەی بەغدا . نە خۆیو نەهاوڕێکانی کوڕی ئەو مەیدانە نەبوون بەلاٚم تەمای ژیانی داخلیو مەسرەف گێڕانەوە ، کە ئەوسا بە زەحمەت پەیدا دەکرا ، بۆ ئەو شوێنە ناجۆرە دژبابەتەی بردن . سالەهای دواتر گالتەی بە سەرو مێزەرو جبەی بەر خۆیو قوتابیەکانی دیکە دەکردو نوکتەی لەسەر دەهێنایەوە کە خۆیشی دەگرتەوە .

هاوینی ١٩٣٥ لە کەرکووکم دیتەوە بە کاتبی (وابزانم دادگە) . ئەو یەکدی دیتنەوەمان لە حەد بەدەر خۆشبوو . لە گەلٚ ئەودا بۆ یەکەم جار چوومە سینەما کە پێشتر هەر ناویم بیستبوو . هەر شەوە بۆ فیلمێکی دەبردم ، یەکیان میسری ئەوی دیکە ئەمەریکایی . لە پاش دەوامەوە هەتا کاتی نووستن لەگەلمدا دەبوو . زۆری پیٚ نەچوو خۆی نەقلکردبۆدادگەی کۆییٚ بە کاتبی بەردەستی حاکم بەینێك گوێزرایەوە بۆ ڕانیەو قەلادزە . ئەو ماوەیە کە لە قەلادزەو پژدەربوو دوو یادگاری لەبیر نەکراوی پیٚ بەخشی : یەکیان نوکتەو قسە خۆشەکانی حاجی سالحاغای پیٚمالك ، ئەوی دیکەشیان ڕووداوێکی سەیرو سەمەرەی کەس نەیبیستوو کە بۆ کچێکی هێرۆیی ڕەخسابوو ، چ تەفسیری عیلمیو نیمچە عیلمیش ڕێی پیٚ نابات . من ئەم

ڕووداوەم لە زۆر کەسی دیکەش بیست دەبوو لێشی بکۆڵرێتەوە بەڵام لێرەدا مەودا نییە تەنانەت ناویشی بهێنم چونکە بە ئەفسانەی باوکی ئەفسانان دەژمێردرێ . .

وەهام لە بیرە کە جەنگی دوەم بەرپابوو جارێ لە ڕانیەبوو . ئەو ساڵانەی چلەکانو پاش چلەکان زۆر جێگەی بە میرزا کرد هەمووش بە کاتبایەتی دادگە . لە دەمی جەنگدا کە هیتلەر بە شێوەیەکی پەرەسەندوو لە لایەن ئاپۆرەی گوێ گرانی رادیۆی بەرلینو یونس بەحرییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەکرایەوە میرزا بە ئایات دژی دیکتاتۆرایەتیبوو ئابشڵێی هیتلەری دەدزا ، زۆریشی پێ ناخۆشبوو کە وەستا تەهای خاڵی بەدڵ شەیدای هیتلەربوو . بە بۆرە تەئویلان خەتایەکەی دەبردەوە بۆ تەجرەبەیەکی تاڵی خاڵی لە ئەزیەتێکی کە لە دەست ئینگلیزەکانی چێشتبوو . میرزا خزمی خۆی بە زیادەوە دەویست .

دەنگ‌و سەدای جەنگ‌و شکۆفە کردنی بیری نوێ لە سیاسەت‌و خەست بوونی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران بە پێك هاتنی کۆماری مەهاباد بوون بە هاندەری میرزا بەرەو ساغ بوونەوە بۆ کوردایەتیو تێدا قاڵ بوونەوە ، ئەویش بەو جۆرە هێمنە واقیع بینەی کە دەمێك‌بوو لە میرزادا دەژیا .

هاتنەوەی بەلای کوردایەتیدا چ پێوەندی بە دەماری چینایەتییەوەی نەبوو ئەگەرنا دەبوو چین پەروەربێ نەك قەوم پەروەر هەزاران هەزاری لەو تێرو تەسەڵتر (کە کاتبێکی دادگەبوو) لە کوردستانەکەو عیراقەکەو دەرەوەی عیراقەکەشمان ، پاش جەنگی دوەم‌و سەرکەوتنی یەکیەتی سۆڤیەت بەسەر ئەڵمانیادا ، بە گورجیو گەرمیو چالاکی چوونە باوەشی فەلسەفەی سەر بە چینەوە . زوربەی کوردپەروەریش لە کولانەی ئەو فەلسەفەیەوە لە چارەنووسی کورد ڕادەما . هەرچی میرزابوو ، بێ‌ئەوەی شیروتیر لە کەس هەڵگرێ‌وهەناسە سواری پێوە دیاربێ کوردێکی بێ‌تەئویل‌بوو دەشیا بە باوەڕی دوای شەڕی دوەمیەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا کوردایەتی کردبایە . هەرگیزاو هەرگیز لێم نەدیت‌و لێم نەبیست تاکە یەك داوی کلافەی کوردایەتی بەهیچ فەلسەفەیەکی غەیری کوردایەتی بیەستێتەوە . بەرژەوەندی گەلی کوردی بەلاوە بەندبوو بە گەلی کورد خۆیەوە نەك بە پیوریتانیزمی ئەشمیلەی ناو ئەزەریانەوە کەوا لێی چاوەڕوان نەدەکردن ئاشقی چاوی ڕەشی کوردی بێ دەسەلاتبن . هەموو خاوەن ئەزەریەیەك قسەی لووس‌و لێك‌و شیرنی بێ ئەرك‌و مەسرەف دەبەشێتەوە کە دەکاچش . گەلێك جارو سەدان بار لە ماوەی پتر لە سی ساڵ هاوڕێیی دوای تەمەن‌و تەجرەبەی هۆش بە دنیا شکانمان . بە تایبەتی لە پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨ ، لە گەڵ میرزادا بە یەکەوە بزووتنەوەی کوردایەتیو چینایەتیو سیاسەتی دەوڵەتە (چەپیو ڕاستی)یەکانمان داوەتە بەر هەڵسەنگاندن‌و لێ تۆژینەوەو بە تاقی کردنەوەوە : میرزا لەو باوەڕەدابوو ، منیش هەروەها ، کە کوردایەتیەکی نیگافراوان‌و دوور لە ورێنەی ڕەگەز پەرستی ، سەرەڕای ئەوەی کە شەقامە ڕێگایەکە کوردی هەست بە دنیاو بە خۆکردووی بەرەو چارەنووس‌و مافی قەومایەتی تێڕا دەڕوات ، هەموو ئەو دادو چاکەو بەرژەوەندەشی تێدایە کە دەشێ لە هەر فەلسەفەیەکی مرۆڤ دۆستدا هەبێت ، ئنجا بە زیادیشەوە ئەو چاکەیە دەخاتەوە سەر چاکەی فەلسەفەکان کە هەر بەدوادا چوونی ڕێچکۆڵەی کوردایەتی بە دەست کورد دەکەوێت . کوردێکی خاوێن لە ڕێی هۆشی فراوانیەوە دنیای خۆش دەوێت بەڵام ئەوەندە خۆش ویستنە گشتییە هەر بابی ئەوەی لێ قەوماوێکی ژاپوونی سوودی لێ دەبینێت کوردیش سوودمەند دەکات : دەبێ کوردی خاوێن بە کردەوە لە وێنەی تایبەتیدا کوردی خۆش بوێت ، پەرۆشیشی بۆ تێکڕای ئادەمیزاد وەك پەرۆشی تێکڕای ئادەمیزادبێ بۆ کورد . ئنجا ئەگەر گوترا کورد هیچی بەبەرەوە نییە لە دوورەوە میللەتان بۆی بە پەرۆش بن یان لە سەری بەدەنگ بێن ئەوسا هەر بە جارێ کورد ڕزگار دەبێ لە پەرۆش خواردن بۆ غەیر چونکە کە لێی نەوەشێتەوە چاکەی لە گەڵدا بکرێ دیارە لێشی هەڵناستێ لە کولەمەرگیو کوێرەوەری خۆیدا بە غەیرەوە خەریك بێت . من کە ناساغ بووم‌و پێت گوتم : تۆ ئەوە ناهێنێت خزمەت بکرێیت ، تازە بە هیچ مەزهەبان ڕێت نامێنێ داوای خزمەتم لێ بکەیت . میرزا لە

ڕوانگەی ئەوتۆپی‌یەوە سەیری بزووتنەوەی کوردایەتی دەکردو بزوتنەوەی دیکەشی پێ تاق دەکردەوە. ڕای ئەوەبوو دەی‌گوت، من کە کوردایەتی بکەم دەبێ من هەژاری کوردم بەلاوە مەبەستترو خۆشەویسترپێ نەك یەکێکی دیکە لە ڕێی فەلسەفەوە پەرۆشی خۆی بە هەژاری هەموو دنیا دەبەخشێ بەو پێیەش پشکی هەژاری کورد لە پەرۆش‌و هەوڵی ئەو تەرزە کەسە کەم دەبێتەوە وەك ئەوەی کە دایکێك هەموو منداڵی دنیای بە قەدەر یەك خۆش ویستێ ناتوانێ شەو نخوونی بۆ منداڵی خۆی بکات چونکە دیارە پێی ناکرێ شەو نخوونی بۆ منداڵی هەموو دنیا بکات.

میرزا چەندێکی لە دەرسی قوتابخانە مام ناوەنجی بوو لەوەی پێی دەڵێن Common Sense هەستیارو زیرەك‌و نیگا بەرین‌بوو. هۆشی بە ڕامیاری ناوەوەو دەرەوەو نێو میللەتان دەشکا: زۆر بەئاسایی‌و ڕاشکاوی‌و ئاسانی دەی‌زانی فەرقی نێوان سیاسەتی ڕووکەشەی دەوڵەتێك لە گەڵ سیاسەتی ڕاستەقینەی‌دا چەند گەورەیە. هەروەك بڕوای نەبوو بەو شتانەی لە شێوەی پرۆپاگاندەدا بە دنیادا بڵاو دەکرێنەوە هەروەهاش لە شێوەی بەدیهیەدا دەی‌زانی هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ لە قسە خۆشە سەرزارەکیەکانی‌دا ڕاست بکات. دەوڵەت نییە بتوانێ بەیەك لایی بەخشندەبێ، کە بەخشندە بوو زۆر نابا ئیفلاس دەکات. ئەوپەڕی ئینساف لە سیاسەتدا ئەوەیە لە مامڵەتدا فێڵ نەکرێت‌و پەیمانی درۆزن ئیمزا نەکرێ. لە دەوڵەت وازبێنە: برایەتی کە پێوەندییەکی نێوان دوو مرۆڤەو هیچ ماڤی میللەتانی تێدا زەدە نابێ ئەگەر برایەك لە براکەی بسەلمێنێ ئنجا دەبینین ئەم سەلماندنە وەزەحمەت دەکەوێ، خۆ ئەگەر وەزەحمەت بکەوێ‌و نەکەوێ هەر دەمێنێتەوە بڵێن ناشێ ئەرك بەلای یەکێکیاندا بکەوێ‌و ئەوی دیکەیان لە پەنا برایەتی‌دا لوقمەی چەورتر بخوات. برایەتیش بەخشندەیی دوولایی گەرەکە. کە ئەمە وەهابێ ئایا دەبێ برایەتی کوردو ئوستورالیا چۆن بێ؟ ئا لەم بابەتە لێکدانەوەو بۆ چوونانەدا کەوابێ گومان ئەویش لە وتووێژی دوولایی پەیدابووە، میرزا گەیشتبوو بەو قەناعەتە ناشێ چ میللەتێك بەربەیارو بێ سەنەدو سبووت‌و پەیمان‌و قەول‌و بڕیە گلەیی لە میللەتێکی دیکە بکات لەسەر کەمتەرخەمیەکی بەرانبەر خۆی لێی ببینێت. گلەیی لە پەیمان شکێنی دەکرێ نەك لە نەبوونی سەخاوەت. لە بیرمە دەی‌گوت، سولەیمانی کەیفی هات کە قەزای ڕانیەی خرابە سەریێ هەولێریش پێی ناخۆش‌بوو لێی‌پچڕایەوە خۆ نە سولەیمانی قازانجێکی گەورەی دەست‌کەوت نە هەولێریش زەرەرێکی لێ‌کەوت ڕانیەش بە هەر لایەکدا بکەوێ دەچێتە باوەشی دایکی خۆی ئیتر بۆچی سەیرم بێتەوە لەوەی ڕووسیاو چین لە سەر سنووری لە یەکدی سوور هەڵگەڕێن خۆ هێندەی هەولێرو سولەیمانی خزم‌نین؟ سەیر لەوەدایە خەڵق لەڕێی نەزەریەوە بە تەمابێت دوو وڵات هێندەی دوو هەرێمی یەك وڵات لە گەڵ یەکدی‌دا بێ‌فەرق یان بێ‌فەرقتربن. هاووڵاتیەتی سولەیمانی‌و هەولێرو هاوباوەڕی ڕووسیاو چینیش لە جغزی واقیعی مرۆڤایەتی‌دا، کە وانەفرشتەو پەری‌یەو نە کۆمپیوتەرو تەرمۆمەتریشە، خۆ دەردەیەخیت. لە کەس داوانا کرێ پتر لە خەلق خۆی لەبیربکات.

لە میرزام بەدی دەکرد قسەو بیزوورای ژیرانەی هەڵ دەگرتەوە تەنانەت لە ئیزاعەو چاپەمەنیشدا گوێ بژێری دەکردن. بە نموونە، جارێکیان بێ ئەوەی بزانم لێم سەیادە لە بارەی عەبدولکەریم قاسمەوە شتێکم دەربڕی: عەبدولکەریم دوای کردنەوەی دەروازەی ئازادی بۆ هەموو لایەنێك، پلش بەینێك کەوتە سەر سیاسەتی لێ کەم کردنەوەو فلان بگرەو فلان بەرمەدە.. بە نیازی لە قاڵب‌دانی خەڵقەکە بەو جۆرەی کە عەبدولکەریم خۆی بە چاکی دەزانێ. من گوتم، هەر وەك کە بەرخت گروو جارێکی دیکە لەشەکەت بۆ ناچێتەوە ناوپێستەکەی هەروەهاش میللەتی عیراق: تازە بە کەس ناکرێ بێ‌خاتەوە قەپێلکێکی وەکوو پێش چواردەی تەمووز. دوو سێ حەفتە تێ‌پەڕی لە ڕووداوێکی ئەو ڕۆژگارەدا میرزا گوێ: قسەکەی تۆیە، خەڵك ناچێتەوە ناوپێستی جارانی.

ناوناوە کە پیاوە دەسەلاتدارەکانی ۹٥۹، ۹٦۰ لە وتوێژیاندا ورێنەی منداڵانەیان دەکردو لە زۆر لاوە چەپڵەی ئافەرینیان بۆ لێ دەدرا میرزا لەبەر خۆیەوە تێی دەسڕیواندو

قسەبەکی مزری ڕامالْ دەکردنیْ بەلاّم نەی دەهێشت خوێنْ گەرمەکانی شۆرش تێی بگەن . سیاسەت بەلای میرزاوە نەبووبوو بە دین ، دروشمەکانیشی لیْ نەبوونە پەرۆی سەر چاكو پیران . بڕوای بە کوردایەتی بیْ کەلەبەرو کەمو کورتی بوو بەلاّم ئەو هەنگاوەی بە ناوی کوردایەتی بۆ کوردایەتی لە واقیعو ئیمکان دەردەچوو بە خراپی دادەنا .

میرزا بووبە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد بەلاّم نازانم لە کەیەوە . هەم بە پێی تەبیاتە هێمنەکەی خۆیو هەم لەبەر وەزیفەکەی ، جگە لە لەمپەری تەمەن ، نەی دەتوانی ئەندامەتی هوتاف کێشانو دروشم هەڵگرتنو نەشرە بلاّو کردنەوە بەرێوە ببات : ئەو (وابزانم) لە سالّی (١٩٣٧)ەوە بە خاوەن خێزانو هەڵگری ئەرکی مالّو منداڵ . ژنێکی دوای بەرهەم هێنانی کوڕو کچێك جوانەمەرگ بوو ، ژنی دوەمی پەیتا پەیتا ساوالەی بۆ دەخستنە ناو بێشکەوە . گرانبوونی نرخی کەرەستەی گوزەرانیش دوای جەنگ قورسایی زیاتری خستە سەر بۆدجەی مانگانەکەی کە بە حالْ لە چەند سالێکدا نیوە هەنگاوێکی کورتی بەرەوپێش هەڵدێنا لە باری وەهادا میرزا دەی توانی لە سنووری مالّی خۆیو دایەرەکەی خزمەتی ئامانجەکانی پارتی بکات . ئا لەم مەیدانەدا ، بیْ تەقەو هەرا ، هەر جانفیداییەکی لە دەست مرۆیەکی وەکوو ئەو هاتیْ کردوویەتی . سالّەهای سالْ نەشرەی نهێنی پارتی لە مالّی ئەو دەردەچوو . بەینێکی بەمەودا مالّی لە کەرکووك بوو ، کەرکووکیش لە چاو شارەکانی دیکە پتر جێی مەترسی بوو بۆ چالاکی دژ بە حکومەت . لە دەمی دەسەلاّتی شەریکەی نەوتی ئینگلیز چاو ساغو خەبەردەرو هەستڕاگرو ئیخبارییە ساز لەو شارە تێکیان دەهاویشت . زوربەی موتەهەمی سیاسی کوردەواری لە عورفی کەرکووك موحاکەمە دەکران . دوای ڕاپەڕینی (وثبە)و ئاشکرابوونی خەباتگێڕەکانْ خەتەری ئاشکرابوونو تێوەگلان خەستتربوو لە جاران ، میرزاش لە نزیکەوە برادەری هەموو ئەندامە ناسراوەکانی قیادەی پارتی بوو لە زۆر هەڵکەوتدا ، بۆ سەر داوەتو دانیشتنی شەوانەی نادی لە گەڵیاندا کۆدەبۆوەو ترسی گیرانو ئیخبارییەی بەوەدا لە خۆی

دەتەکاندەوە کە لە ڕوالّەتی وەزیفە بەجیْ هێنانو ژیان بردنە سەردا بابایەکی بیْ لایەنی قسە خۆشی ئێسك سووکی بیْ هەڵپەبوو . ئەوەندە لە وەزیفەکەی شارەزابوو حاکمەکان موحتاجی بوون .

ئەم وەزیفەیەی کە هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستاندا کۆی دەکردەوەو لە ڕێی دەعوای سیاسییەوە شارەزای مەئموورەکانی تەحقیقاتی جینائیو خزمەتی نهێنی دەکردو زۆر خەبەری شرایەوەی پێوە دەزانی ، ئا ئەم وەزیفەیە هەر وەك بۆی ببوە قەڵغانی سەلامەتی دەربوونەیەکیش بوو سرکەو کورکەی حکومەتی لێوە دەزانیو حیزبی پیْ خەبەردار دەکردەوە . تۆبڵیْ چەند جاران ئەمری گرتنی خەباتگێڕێك لە ڕێی مەحکەمەوە بە میرزا گەیشتوەو لەویشەوە بە حیزبو لە حیزبیشەوە بەو خەباتگێڕە بەر لەوەی پۆلیس کەوتبێتە خۆی بۆ گرتنی کابرا ؟

لەم مەیدانەی ئاگادار کردنەوەی حیزب بە خەبەراتی دەولّەت خۆم ئاگاداری گەلێك چالاکیی میرزام یەك لەوان ئەوەبوو کە لە هەڵبژاردنەکانی ٩٥٣و ٩٥٤ میرزا کاتبی دادگەی کۆیەبوو . بە ڕێکەوت خەتی تەلەفۆنی کاربەدەستانی کۆییْ لە ڕۆخاوڕۆخی شوورەی بانی ئەو خانوەوە تیْ دەپەڕی کە میرزا تێیدا کریْ گرتە بوو . شەوانە ، بە ئەسپایی . تەلی دەهاویشتە سەر ئەو خەتانەو گوێی لە قسەو موخابەرەی ناوەوەو دەرەوەی حکومەتی کۆییْ دەبوو هەتا خەو لە حکومەت دەکەوت . چی لەو گویْ گرتنانەدا بیْ زانیبایە بە دەورو تەسلیم دەی گەیاندە پارتی . کە خۆم نوێنەری پارتی بووم لە و هەڵبژاردنانەدا میرزا ڕۆژانە دەی دیتم ورِوونی دەکردمەوە . وەی کاشکی ئەو دەمە جیهازی تۆمار کردن هەبایەو ئەو موخابەرانەی بۆ دوارۆژ بە نموونەی جۆری بیرکردنەوەی حکومەتی ئەو ڕۆژگارە بەجیْ هێشتبایە .

میرزا بە درێژایی سالاّنی ئەندامەتیی لە پارتی سەربازێکی نەناسراویْ زێدە چالاكو ژیرو دلّسۆزی کوردایەتی بوو ، بە بەخشندەیی نەك بەمزە .

لە نوکتە بازیو سوحبەت چییەتیدا میرزا گرەوی لیْ نەدەبردرایەوە . کە نەشرەی پارتی لە مالّی ئەو دەزدەچوو

خێزانەکەی دوەمی (ئافرەتێکی دڵ ساف لە خۆ بووردووی هەولێری‌بوو) هەستی دەکرد ئەم کارە گەپ‌و گاڵتە نییە . میرزا دەی گێرایەوە کە خێزانەکەی دڵ‌خۆش‌دەکرد بەوەدا بەخێر لە سایەی ئەو مەکینۆکەی چاپ خشڵی زێڕو جلکی ئاوریشم‌و تاقمی ناو ماڵی هەرە نایابی بۆ دەکڕێ : هەر سەبرێکم لێ‌بگرە ! خێزانەکەی هەرچەند بێ ئەو بەرتیلە مەوهوومەش ڕازی بووە بە چارەنووس ئەمما بێ‌گومان خەیاڵی خۆشکەڵەی بەدڵدا تێ‌پەڕاندوە .

میرزا لە گەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و مەکتەبی سیاسی‌و شەخسییاتە بەرچاوەکانی پارتی‌دا نەك هەر بە پێوەندی حیزبایەتییەوە بگرە بە ڕۆحی گەش‌و قسەی خۆش‌و مەجلیس ئارایی‌و تەبیات لە باری هەمیشە دڵخوازی ئەو کەسانە بوو . خواخوایان‌بوو هەلی دانیشتن ڕێك بکەوێت‌و میرزا تێیدا بەرێتە قسە شیرین‌و خۆشەکانی . ئەگەر ڕێ هەبایە بۆ گێڕانەوەی ئەو نوکتە سیاسیانەی لەو دانیشتنانەدا بە زمانی میرزادا دەهات دەتزانی چ جۆرە مەجلیسی شەنگ‌و دڵکێش‌و خۆشی بەخش‌بوو مەجلیسێکی میرزا تێیدا دەکرایەوە هیچ پەناو پەسیوێکی مەفهوومە سیاسیەکانی بەر لە شۆڕشی تەمووزو دواتر کە لە کردەوەدا خەباتگێڕەکانی بەگژ یەکدی‌دا دەهێنا لە میرزاوە نوکتەی تێ‌نەگیرابێ .

بە درێژایی ساڵانی ئەندامەتی‌ی لە پارتی میرزا رای خۆی دەربڕیوەو چی بە هەڵەی زانی‌بێت گوتوەتی هەڵەیە ، بەڵام هەرگیز جوداوازی بیروڕای نەکردۆتە هۆی کزبوونەوەی پێوەندی خۆی بەحیزب یان بە ئەندامەکانی . چونکە شوێنیشی لە حیزب ئەوە نەبوو لە جێ‌بەجێ‌کردنی بڕیارەکانی‌دا ناچاری هاتوچۆو جموجووڵ بێت ڕەخنەکانی لە سنووری (بیروڕا)دا دەبوونە موخالەفە نەك لە شێوەی سەرپێچی‌دا . ئەندامەکانی حیزبیش لە ڕەخنەکانی زیز نەدەبوون رەفتاریشیان لەگەڵی‌دا هەرگیز لە جغزی خۆشەویستی‌و ڕێز دەرنەدەچوو . لەلایەن پاداشیشەوە میرزا نەك هەر ئەرك هەڵگرێکی بێ‌مزەبوو بەڵکو تا ئەوەندەی بشێ لە ئاسۆیشەوە موژدەی مزە بۆ کورد پەروەرێکی وەکوو ئەو تارمایی بداتەوە یەك پنوکی تارمایی لە کەسەوە دیار نەبوو : پاداشی میرزا لە کوردایەتی‌دا بەپێی ئەو بارەی کوردی تێدابوو وەکو بەهەشتی دوای مەرگ‌بوو کە لە ژیاندا هەر داوای نوێژو تاعەت لە ئیمانداران دەکات . تۆ واز لە پاداشتی مادی بهێنە : لەلایەن ئەو نازەی کە ناو دەرکردن بە کوردایەتییەوە خەباتگێڕی پێ دەناسرایەوە . لەویشدا میرزا پشکی نەبوو چونکە خزمەتەکانی نە بە بڵاوی دەزاندران نە لەوانەش بوون بە چاو بدیترێن : کە دیترابایە یان بیسترابایە نەشرەی پارتی لە ماڵی ئەو چاپ دەکرێ بەندیخانەو برسی‌بوون دەبوون بە پاداشی .. ئەم ڕاستییە زێدە گرنگە بێ‌فێڵە پڕ مەترسییە لە خەباتی میرزادا کەوا دوای مردنیشی نەبوو بە فاتیحەی سیاسی لە موناسەبەیەکدا بۆ گیانی بەڕێ بکرێ ، بە قەرز مایەوە لە زیممەتی شوێنەواری کوردایەتی هەرچەند لە ئاست چارەنووسدا قەرزێکی بچووکیش‌بێ مرۆی دیکە هەن لە غەیری مەیدانی کوردایەتی‌دا گیان بازییان کردو بەسەر چوون : لەوانیشدا هی وەها هەیە بێ سەروشوون مایەوە بەڵام قەرزەکەی بەسەر شانی کوردایەتییەوە نییە . تۆ نابەیت شەهیدەکانی غەزای قارس‌و بایەزیدی بەر لە سەدەیەك کە بە ناوی ئایینەوە خزمەتی پێچکەی تەختی سوڵتانی عوسمانلییان دەکرد بە شەهیدی کوردایەیت لە قەڵەم بدەیت ، تەنانەت لە ڕشتەی ژیانی شۆڕشگێڕێکی وەکوو شێخ مەحموودا بەشداری کردنەکەی لە شەڕی عوسمانلییەکان دژی ئینگلیز بە درێژایی ساڵانی جەنگی یەکەم ناخەیتەوە سەر خەباتەکەی بۆ کورد : ئەگەر لەو بەشداری کردنەدا مەرجێکی مافی کوردانی بەسەر عوسمانلییاندا سەپاندبایە حیسابەکە بەلای کوردایەیت‌دا دەهاتەوە . ڕەنگە دینداریکی ئیمان مەحکەم بە عەیارەی خۆی شەڕی دژ بە ئینگلیز لە ژێر ئاڵای عوسمانلییاندا بەولای کوردایەتیشەوە ببات بەڵام دیسان ڕاستی‌یەکە لە جێی خۆی‌دا دەمێنێتەوە کە کوردایەتی تێدا نییە . مەسەلەکە پتر ڕوون دەبێتەوە بەوەدا کە دەزانین دینداری ئەوتۆیی خەباتی کوردایەتیشی دژی پاشای ئیسلام بە ناڕەوا دادەنا : ئەدی ناڵێن مەلای خەتێ فەتوای ئەوتۆیی دژی پاشای ڕەواندز دەرکرد ؟ ئەمە بۆ ڕوون کردنەوە دەڵێم دەنا من لەو باوەڕەدام فەتوای مەلای خەتێ بە نیازی چەپارە دانی بەرەی کورد لە تەفروتوون

بوون بە ڕەزامەندی پاشابوو (لە بەرگێکی کتێبی حاجی قادری کۆیی ئەم مەسەلەیەم بە پێی قەناعەتی خۆم ڕوون کردۆتەوە) . هەموو بیروباوەڕێکی ڕاستو چەوتی ئەم جیهانە خەتێکی بەدەوری خۆیدا کێشاوە لێ دەرچوونی بەدەرچوون لە باوەڕەکە حیساب دەکات . کوردایەتیش دەبێ هەر وەهابێو خەتی دەوری خۆی تۆخ رابکێشێ دەنا لە هەموو تێك هەڵقژانێکی لە گەڵ باوەڕی دیکەدا بە عەیارەی ئەو باوەڕە کوردایەتیەکە تاوانبار دەردەچێت ، مەسەلەکەشی هێندە ڕوونە دەبوو لە خۆوە بەلای کوردو ناکوردەوە دیاربێ . میرزای حاجی کەریمی ئاسنگر وەکوو میرولەیەکی بێ ناوونیشانی مێروستانی کوردایەتی دانەکێشیی لە ناو ئەو خەتە ڕانەکێشراوەدا دەکرد : ماڵم هەقە یەك کەرتە گەنم یان جۆ یان پووشکەی نەکێشا بۆ غەیری کوردایەتی . ئەشەدوبیللا لەو کەرتە دانەوێڵانەش یەك تۆسقاڵ ئارد نەچوە هەناویەوە .

من سەیرم لەوە نایەتەوە کە میرزا هەرگیز ڕێبازی خۆی نەگۆڕی . سەیرم لەوەش نایەتەوە کە بێ ئومێدی سوود کوردایەتی دەکرد . سەیرم لەوەش نایەتەوە کە مزەی ئەرکی خۆی بەلاوە نابوو . سەیرم لەوەش نایەتەوە کەوا بێمزەو بێئومێد خەباتی پڕ خەتەری دەکرد : سەیرم لەتاکە یەك خەسڵەتی دێتەوە کەوا ڕەنگە سەرنجی کەس ڕانەکێشێ . سەیرم لەوە دێتەوە ، چۆن توانی بێ وچانو بێلێکەم کردنەوە — بێ ئومێد ، بێسوود ، بێناو — لە شەقامە ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێتو هەناسە سواری پێوە دیار نەبێتو خۆ بەرەنجەڕۆ دانەنێتو پەڵپو بەهانان نەهێنێتەوە خۆی پێ بدزێتەوە لە ئەركو ڕەفتارو کرداری نەگۆڕێت چ لەکوردایەتی بێ چ لە وەزیفە چ لە بواری کۆمەڵایەتی . لە هەستیارترینی هەنگامەی دڵ گەرمیو تیژڕۆییو گەش بینیو (قەرسیل لە چۆکان) ئەو مرۆیە هەمان واقیع ناسە بێ هەڵپە بێ تەکلیفە خزمەت گوزارە بێ ناوەکەبوو کە لە کەرکووکو شوێنی دیکەدا ماڵەکەی کردبوو بە چاپخانەی حیزب . . چەندین جار گوتوومە ، بەردەوامی لەسەر فەرمانو پێداویستی ئەدەبێ کە بەرژەوەندو گوزەرانی پێوە بەند نییە ئەستەمترین کارێکە مرۆڤ بە خۆیەوە بگرێ . ئایەتی (فاستقم كما أمرت) بە ڕواڵەت بێ تەکلیفە کەچی هیچ تەکلیفێکی گەورەو گچکەو کوشندەش نییە بەر مەفهوومی نەکەوێ . ئافەرین بۆ بابایەك بە ناوی دیوەخانە کونە بۆقرێك دەکاتەوەو هەتا مردن خۆی پێوە دەلکێنێ بامەسرەفەکەشی ئەوەبێ کە یەك جگەرە بە مێوان بدات . بەردەوام بوون لەسەر ڕارەوێکی قەراردادەی بێپێچو پەنا زەحمەتترە لەو ئەرکەی تێیدایە : تۆ وەرە ئەرکی ساڵێك لە خزمەتی دیوەخانەم بە دوو حەفتە لە کۆڵ بکەوەو ماڵت سەدجار ئاوابێ . میرزا ئەو بەردەوامە بوو کە من سەیرم پێی دێت : بەردەوام بوون لە شتێکدا چ سوودێکت پێ نەگەیەنێ .

لە وەزیفە نەختێك هەڵکشا تا بوو بە معاون تەسوییە ئەمما ئەگەر لەوانە بایە خۆ ڕەپێش دەیەخن ئەوەندە لێزانو مەعلانی کاری وەزیفەبوو هەموو ماوەیەکی مومکینی دەبڕی . کە خۆ ڕەپێش کەر نەبوو یارمەتیشی لە کەس داوانەکرد پلەیەکی بەرەژوور ببات ئەم دوورییەی لە هەڵمەتەکاسەبی بەلایەکدا ، تەواوکەری ئەم خەسڵەتەی بە ئەرکتربوو لە پشتگوێ خستنی بەرەوپێش چوونی بەمنەت : هەتا منداڵی هەراش دەبوونو گوزەرانی زەحمەتتر دەبوو لە بۆدجەی مەسرەفی کەم دەکردەوە تاکو داهاتی کەم بەری مەسرەفی فراژی بووی بکات . بەر لە هەموو شتێك خەرجی خۆی داشکاند : وازی لە جگەرە هێنا . . چوونە نادی کەم کردەوە هەتا وازی لەویش هێنا . سەرت نەیەشێنم وەهای لێهات ئەو جارو بارەی داوەتی یەك دوو برادەری تێدا دەکرد ئەویشی پێچایەوە . کە منداڵەکانی بە دامەزرانو شووکردن لێی دەبوونەوە بەرەژوور چوونی ڕێکاری گوزەرانو نرخی کەرەستەی خۆراكو پۆشاك فەرقەکەی تێدەبرد . ددانی چیڕ کردنەوە لە نەخواردنو مەسرەف کەم کردنەوە هەتا ناچاری بەرتیلو قەرزو دەست پانکردنەوە نەبێ . میرزا دەیتوانی بە بەرتیل دەوڵەمەندبێ ، برادەری ئەوتۆشی هەبوون حەزیان دەکرد یارمەتییان لێ قبوڵ بکات یەکێك لەوان نازداری هەموولایەك ، زەدەی مەرگی ناکات ئەحمەدی حەمەدەمیناغای دزەیی ، بەڵام میرزا لە منداڵییەوە هەتا مردن ئەو دەزنوێژەی (لە کەس وەرنەگرتن)ی ڕاگرت لەگەڵ مندا کە

هینده برادەرو لە یەکدی نزیك بووین هەمان خوگرتووبوو کە هەبوو : رۆژەك لە رۆژان رووی تەکلیفی لیّ نەنام. نەك هی پارە کە منیش نەمبوو ، بگرە لە هیچ تەگەرەیەکی کە لە وەزیفەدا هاتبیّتە پیّشی (لەو جارە بەولاوە کە سفارشنامەم لە مەلائەفەندی بۆ وەرگرت ، ئەویش هی بەرەوپیّش‌چوون نەبوو ، لەسەر خۆ کردنەوەبوو) . لەم مەیدانەدا سیّ هەلّکەوتی لیّ دەگیّرمەوە کە خۆم تیّیاندا شایەدمو بەر تەجرەبەی خۆم دەکەویّ :

یەکیان ئەوە بوو کە لە هاوینی ۱۹٦۱ میرزا لەگەلّ خۆپاریّزیشی گیراو دوور خرایەوە بۆ (رمادی) . خواو راستان دوور خرانەوەی لەو ماوەیەدابوو کە عەبدولکەریم قاسم لەلای خۆیەوە بنیاتی دۆستایەتی لە گەلّمدا دانا . میرزا کەمو زۆر داوای یارمەتی لیّ‌نەکردم ، لە خۆمەوە خواییشتم لە حاکم عەسکەری عام کرد کە میرزا بۆ مالّو وەزیفەکەی بگیّریّتەوە . تەر دەست میرزای بەردا . . لە ئۆتیّل هاتەلام بۆمی گیّرایەوە کە چەندی پیّ خۆش‌بوو لە وتوویّژدا حاکم عەسکەری پیّی گوتبوو فلاّن پاکانەی بۆکردی ، تومەز کابرایەکی سەر بە عەبدولکەریم وەهای رانواندبوو خۆی یارمەتی داوە لە بەربوونی . میرزا گوتی : رازی بووم بە دوور خرانەوەم هەر هیّندە قەرزداری ئەو کابرایە نەبم .

پاکانەکەی من بۆ میرزا ئەوەبوو کە لە وەلاّمی تەکلیفدا لیوا عەبدی گوتی (میرزا ئەندامی پارتییە) منیش بێ کۆمەکردن پیّم گوتەوە ، لە پارتی بیّت‌و نەبیّت یەکیّکی وەکوو میرزای واقیع ناسی لەسەرەخۆ هی ئەوەیە حکومەت ئاواتەخوازبێ ئەندامی هەموو حیزبەکان ویّنەیەکی ئەوبن . ئەم قسەیەم یەکسەر چووە دلّیەوە . کە لە رەمادییەوە گیّرایەوە بۆ بەغدا زۆری ریّز لیّ‌نابوو کۆلّیّکیش عوزر خوازی لیّ‌کردبوو . دواتر لای منیش مەدحی هۆش‌و ژیرەکی‌و هیّمنی میرزای‌کرد .

تەجرەبەی دوەم ئەوەبوو کە لە دەمی وەزیریمدا میرزا بە هیچ جۆریّك تکاو خواییشتی بۆ خۆی نەکرد بەلاّم بۆ گەنجیّکی کە لە سالاّنی ۹٥۹و ۹٦۰دا بزۆزو بێ‌عار بوو هاتە لامو رووی تەکلیفی لیّ‌نامو گوتی : فلاّنە کەس فەصل کراوە ، لە دایەرەی ئەمنی معاملەی گیّرانەوەی بۆ وەزیفەکەی ناڕویّنن زۆریش دەست کورتە چەندیّکی بشلّێی شەرم دەکا بیّتە لات منی بە وەکالەت ناردوە بۆ عوزر خوازیش . ئەو گەنجە بەزوویی گەرایەوە سەر وەزیفەکە . . بەر لە دوو سالّیّك مەرگ گلاندی .

تەجرەبەی سیّیەم ئەوە بوو کە لە (مجلس الخدمة) ئەندام بووم میرزا بۆ تەرفیع لە ۷۰–۱۰۰ هاتە دیدەنی مجلس . نەپیّشتر داوای‌کرد یارمەتی بدەم بۆ ترشیح کردنی لە لایەن دایەرەکەیەو نە لە دیدەنیشدا هانای هیّنامە بەر : بە لیّ‌هاتوویی خۆی مەجلیسی منەتبارکرد کە مەئمووری ئەوتۆیی بەریّزەوە وەرگریّ

من لەم تەجرەبانەدا چ نیازیّکی خۆ هەلّدانەوەم نییە کە دەزانم نازوفیزی خۆ هەلّدانەوەو پەروبالّ فش‌کردن لە مرۆیەك ناوەشیّتەوە خۆ بە مرۆ بزانیّ .من کە شایەد بۆ پیاوەتی کەسیّك پەیدا بکەم خۆم بەشایەد پتر جێی متمانەی خۆم ، ئەوەی بەشایەدیشی دەهیّمنەوە بنیادەمیّکە وەکوو خۆم دەبێ پاکانەش بۆ قسەکانی بکەم .

گوتار بەبەریەوە نییە هەموو لایەنیّکی کەسایەتی‌ی مرۆی باس کراو بگریّتەوە دەنا وەهام لیّ خۆش دیّت چ بە نووسینی خۆمو چ بە هی کەسیّکی دیکە بێ سەرلەبەری بابەتی نووسین بەسەح بکاتەوە تا ئەگەر باسی شاعیریّکم خویّندەوە شارەزا بکات بەو کەسە وەك ئادەمییە نەك تەنها وەك شاعیر ، خۆ ئەو کابرایە سالّی دوازدە مانگ ، شەوو رۆژ ۲٤ سەعات ، هەر شیعر نالّیّ ! کیّ دەلّیّ شیعرەکانی تەرجومانی ویژدانیەتی هەلّسو کەوتی ژیانی تیّم دەگەیەنیّ چەند لە رەنگی شیعرەکانی ساختەو چەندی دروستە . دەزانم دەبێ بایەخی زۆر بە شیعرەکانی بدریّت بەلاّم رۆبۆت‌و کۆتەلّی بێ‌لایەن شیعر نالّێن بۆیەیە دەبێ (شاعیر – مرۆ) بناسم نەك مەکینەی کۆك‌کراوی ئەدەب‌و سیاسەت . میرزاو غەیری میرزاش دەبێ لە سنووری دەسەلاّتدا بەو شیّوەیە بناسریّت تا هەر نەبێ پرسەکی گەورەی لەسەر هەلّستی (پرسەك : علامة استفهام) . تۆ کە فیلمت دەرهیّنا لەسەر شاعیرو نووسەرو هونەرکارو سیاسی وەیا بۆرەپیاوی کوردخۆ نایەبیّت کامیرا بەسەر تاکە داوی ئەو سیفەتەی راگریت ، بەلاّم هەتا ئیّستا ئەو نووسینانەی

نووسەرەکانی کورد کە مرۆی کوردیان بە خەڵق ناساندبێ لێیان هەڵناستێ بابێ فیلمێکی دە دەقیقەیی چەندو چۆنی مرۆیەتییان رەنگ ڕێژ بکەن . ئەمانە ڕاستی ئەوتۆن دەمەتەقە هەڵناگرن بەلاٌم لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتی بەسەر ڕاگەییشتنی سەرلەبەری بابەت لەبەر نووسەری کورددا ئەو فرەوانە نییە بتوانێ زات بکات قەڵەمو کاغەزو چاپەمەنیو مەسرەفو کاتو رەنج خەرج بکات لە نەخشەکێشانی ئەو لایەنە شەخسییانەی کە بە ڕواڵەت پێوەندی بەتینیان لە گەڵ چارەنووسو دەردە کوشندەکانی کۆمەڵدانییە . ئەمە ڕاستەو زۆریش تاڵە بەلاٌم خۆ ئەگەر ئاو نەبوو دەبێ (تیمم) بکەین . لە سەرێکی دیکەشەوە ئەوەی پێی دەڵێین شیکردنەوەی مادی فەرمانێکی ناچاری بەملدا بڕیوین کە دەبێ ڕەفتاری (کەس) لە گەڵ داخوازیی دەوروبەریدا بگونجێنین ، دەوروبەریش تەنها کاریگەرە گشتیەکان ناگرێتەوە دەنا دەبوو زوربەی خەڵق وەکوو یەکدی ڕەفتار بکەن . لە دەوروبەردا کاریگەری تایبەت بە (کەس) شەقڵی دیارتر دەبێ پێوەی جەنحە مرۆ بە خۆیو بە سەرلەبەری پێك هێنەرەکانی مادیو مەعنەوی خۆیەوە تەفاعول لەگەڵ دەوروبەری فرەواندا دەکات ئیتر یاسەردەنێ بەمل کەچی یان یاغی گەری یان یەکێك لە پلە پێ ئەژمارەکانی نێوان ئەو دوو سەرپەڕە . لە حاڵەتی میرزادا بابێ نیمچە پێویست دەوروبەری ، لەویش پێویستتر ، تەبیاتو ڕەفتاری سروشتکردی باسکراوە ، لە ناچاریشەوە بەوەندە ڕازیم چونکە ڕێگام نییە هەموو شتێك دەرببڕم ، دەرفەتیش لە گۆڤاردا چەنگ ناکەوێ بۆ ئەوەی هەموو مومکینیش بگرێتەوە . ئیستا ماوە بڵێم لە میرزادا خەسڵەتی دیکەی بەرچاو ئەدوان بوون :

یەکیان ئەوەبوو تا ڕادەی بێزبوونەوە ڕقی لە تاك پەرستیبوو . ئەگەر قسە سیاسەکانی گرد بکرێنەوە بەشێکی بە پۆزی ڕەخنەگرتنو عەیب دۆزینەوەو درۆ بەسەر گرتنەوەبوو لەو کەڵە مێردانەی ناویان بە تەقدیسەوە دەهات .

لە زۆر باردا ئەوانەی بەدوژمنی میللەتەکەیان دادەنا . نابێ لەبیر بکەین خەڵق تێکڕا ئازان لە عەیبدارکردنی سەرۆکی باوەڕ پێکراوی غەیری خۆیان کەچی کوڕنوو دەبەن بۆ ئەوەی خۆیان کە بەلای غەیرەوە عەیبدارە . هەرچی میرزابوو لە ئاست هەموو باوەڕێكو باوەڕپێکراوێك بیروڕای خۆی هەبوو . کورتەی قسە ئەوەیە میرزا تاك نەپەرستێكبوو تاکی نەبێ .

خەسڵەتی دیکەی کە ئەویش سێبەرێکی یەکەمیانە ئەوەبوو خۆی بە گچکەی کەس نەدەزانی . هەر چەند ڕازیبوو بە پایەی خۆی لە کۆمەلاٌیەتی ، بەڵکوو ڕەنگە بە هۆی ئەو ڕازی بوونەیەوە بووبێ کە ژوور چوونی بە مایەی شانازی نەدەزانی ، بەرەژێر وەستانی خۆیو هی وەك خۆیشی بە مایەی کەمایەتی نەدەزانی . هەتا بڵێی لەنگەر بەستنی واقیع لەسەر ئەو بارەی کە ئەوی تێدا بەرەژێرەبێ تەزاندنو داڕووشاندن بەسەر هەستیدا دەهات . نامەوێ بڵێم میرزا بەتەمابوو یان دەیەویست ئەو

لەنگەرە هەر وەها بەردەوام بێو نەگۆڕێ ، نەخێر بە لەنگەرێکی بەدی دادەنا بەلاٌم نەویستنی ئەو لەنگەرە نەی دەخستە سەر هەڵپەی بێجێو پەلەی بێسەروبەر : تا ئەو ڕۆژەی باری کۆمەلاٌیەتی بە چاکتردا دەگۆڕێ میرزا لە پایەی خۆیدا چەسپاوبوو ، کە یەکێکی لە خۆی بەرەژوورتری پێدا ڕابووردبایە بەرزەپێ بۆی بڵند نەدەبوو مەگەر لە دڵدا بە موحتەرەمی زانیبێ . لێرەشدا نامەوێ بڵێم میرزا شەری بە دنیا دەفرۆشت : حورمەتی ئەو حاکمە دادپرسەی دەگرت کە خۆی کاتبوو لای بەلاٌم بێ قانوونی بۆ نەدەکردو هەڵەی پێدەگوتەوەو لە حاڵەتی چوونە کەشنی لادێ دابو دەستووری خەڵقەکەی تێ دەگەیاند جا ئەگەر قسەی نەبیستبایە لێی بێباك دەبوو .

کورد پەروەری بێ فێڵ بەلای میرزاوە چەندی بڵێی ڕێز لێگیراوبوو بەلاٌم کوێرانەو دەروێشانە ڕێزی نەدەبەشیەوە . میرزا لای بۆرەپیاوبوو :

هەرچەند لە سنووری قانووندا پێی بە خواری دانەدەنا ئەمما ئەگەر بۆرە پیاوی هەژاری بەدەست قەرزەوە سەغڵەت دیتبایە

وەیا لە شکانی تێوەگلاندنو پێوەکردندا خەتەری گیرانو مەسئول بوونی بۆ کابرا چاوەڕوان کردبایە تێی دەگەیاند چ بلێتو بکات باشە بۆی . بێزانیبایە خەڵق قسەکانی دەبیەن لەبن لێوانەوە وەك یەکێکی قسە لەگەڵ خۆیدا بکات چی پێویستبوو بۆی دەدرکاند . کە لە یەکێکی وەکوو منی تەقیە نەدەکرد بە ڕوونی هەژارەکەی تێ دەگەیاند ، لە زۆر باردا ئەرزو حاڵی گەلاڵە دەکرد کە مافی هەژارەکە بپارێزێت بەڵام نەك بە خەتی خۆی . میرزاش و صەمەدی حاجی محەمەدی بەننا کە بە صەمەدی حاجی مەنجەڵ بێ قانوونی ڕۆیشتبایە . حسێن بازیانیش ، خوا لەوو لەوانی دیکەش خوش بێ ، ئەو جورئەتەی لێ چاوەڕوان دەکرا . چەند کاتێك هەبوون لە ئاکامی پاکیو زانینو بێ ترسیانەوە حاکمەکان کۆمەیان لێ دەکردن .

میرزا هەروەك دەنگە خۆشەکەی بەکار نەهێنا دەسەڵاتی نووسینیشی لەبیر خۆی بردەوە . لە لایەکەوە وەزیفەی میری بۆ تەبیاتی ئەو شتێك نەبوو لەگەڵ نووسینی سەر بە سیاسەتی بەرەو کوردایەتی بگونجێت ، لە لایەکی دیکەشەوە کە بوو بە موظف جاری شلك‌بوو مابوی لە ڕۆشنبیریو بەهرەی نووسەری دابمەزرێت ، دواتریش کە وردە وردە هێزی قەڵەمی لە مەیدانی نووسینی ڕەسمی گەشەی کرد چاپەمەنی کوردی گەشەی نەکردبوو لە بارێکیش‌دا نەبوو وەکوو ئەوانەی لە چلەکاندا بە نووسەری کورد ناسران پێوەندیی بە جیهانی نووسینو بلاوکردنەوەی کوردییەوە هەبێت . کە لە کەرکووکیش هەڵقەنا بەرەو کۆیێو ڕانیەو قەڵادزە ، هەر بە کاتبی ، بەجاری لە هەرێمی ئەفسووناوی (وشە نووسی) دوورکەوتەوە . ئەگەر لە چلەکاندا بۆی ڕێك بکەوتایە ماوەیەك لە بەندیخانە بمێنێتەوە بابێ ئەوە بکات گەڕانەوەی بۆ وەزیفە وەزەحمەت بکەوێ دەشیا ڕێگەی نووسین بگرێتە بەرو تێشی بناسرێت هەر نەبێ لە دوو بابەت : هونەری (مۆسیقاو دەنگ)و سیاسەتی کورد بابەت . لە مۆسیقا چەند ڕۆژێکان پەنجەی لە عوود (یان کەمان) ڕاهێناو (ڕێ ،می ،فا . .)یشی لەگەڵ مامۆستایەکی‌دا گوتەوە ، هەر لەویشم ئەو زاراوە مۆسیقییانە بیست بەڵام خێرا پشتی تێکردو بۆی نەچۆوە . بە هەممەحاڵ وزەی هونەری و ئەدەبی لای میرزا ، تارادەیەك ، بوونە قوربانی تەبیاتی دووره پارێزی و مەشرەبی خاکیو خۆ هەڵنەدانەوەو ئەو جۆرە خەسڵەتانەی .

کە بە وردی سەرنج لە میرزا ڕادەگرم نموونەی مرۆیەکم بە بەر زەینا تێ‌دەپەڕێت کە بەکەلکی ژیانی ئارامو کۆمەلایەتی ی بێ‌هەرای وەکوو سویدو نەرویج دێت کە بەرهەمو تێریو ڕێك‌وپێکی بەخەڵق دەبەخشێتو تاکە یەك پاڵەوانی سیاسەتو قارەمانی بگرە بەرمەدەی بۆ نارسکێنێت . لە شوێنی وەها هێمندا پاڵەوان سەر بەرزبکاتەوە حەبسی دەکەن .

### مەرگی میرزا

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ ماوەی چەند مانگێکی حەسانەوەم لە (عمان) پاتەختی ئوردون ڕابوارد . شەوێك بە عادەتی هەمیشەیی ، لە ساڵۆنی ئۆتێل ، مێوانانی بە دەمودوو کۆمەڵ بووبووین قسەی بابەتمان دەکرد ، لە سۆنگەی شتێکەوە گوتم : حەز لە زرەی زیلی تەلەفۆن ناکەم ئەم حەزنەکردنەشم شەرح‌دا . . دوای ئەم قسەیەم تاکۆ بوونەوەی سبەی شەومان ، لە بەغداوە تەلەفۆنێكو لە لەندەنەوە دوو تەلەفۆنم بۆکرا مەرگی پێنج خزمو دۆستمیان پێ ڕاگەیاندم ، یەکێك لەوان مەرگی میرزابوو لە لەندەنەوە پێم گەیشت تەلەفۆنەکەی بەغدا جاریْ خەبەری کۆیەو هەولێری نەبیستبوو . پێی ناوی بڵێم لە خۆوە دیارە خەبەری ئەوتۆیی لە غەریبی‌دا چ کارێك دەکاتە سەر کانیاوی هەستو سۆز لە دەرووندا . لەو دەمەوە کە ئاشکرا بوو مەرگ شوێنەواری خەباتە هێمنە پڕخەتەرە بێ ناوو شورەتەکەی میرزا کوێر دەکاتەوە بە دڵ بەرباری قەرزێکی ئەدەبی قورس بووم بەوەدا کەوا لە دەرفەتو بەپێی توانین ئۆزو ڕێی فەرامۆشی لە وێنە ونەکەی بتەکێنم ، بەم گوتارەش بەشێکی قەرزەکەم لەسەر لادەچێ چونکە کەسایەتی ی میرزا ماوەیەتی بە مافی خۆی بگات لە جلوە بەستنو تیرەنگی .